# ئادەم و حەوا لە باخچەی بەهەشت

(پەیدابوون ٢)

بەردەوام دەبین لە دیراسەتمان بۆ ئەوەی بزانین لە سەرەتادا چی ڕوویدا. لە وانەی ئەمڕۆشماندا باسی ئادەم و حەوا دەکەین، بزانین یەکەم ڕۆژیان لەسەر زەوی چۆن بوو. پێشتر لە تەورات ئەم ئایەتەمان خوێندەوە: خوداوەند لە شەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تیایەتی دروست کرد. (دەرچوون ٢٠: ١١) هەروەها زانیمان چۆن خودا لە ڕۆژی شەشەمدا یەکەم مرۆڤی دروست کرد. خودا جەستە و گیانی بۆ مرۆڤ درووست کرد. خودا جەستەی مرۆڤی لە خۆڵی زەوی درووست کرد و پاشان گیانێکی تاهەتایی لەناو دانا. خودا گیانی مرۆڤی لە وێنەی خۆی درووست کرد. ئەوە مانای ئەوەیە کە خودا بیرێکی تایبەتی لە گیانی مرۆڤ چەسپاند، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ خودای پێ بناسێ. خودا هەروەها دڵ (واتا هەست)ی بە مرۆڤ بەخشی، بۆ ئەوەی بتوانێ خودای پێ خۆش بوێ. هەروەها ئیرادە (واتا توانای هەڵبژاردن)ی بەخشی بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی بتوانێ هەڵبژێرێ بە گوێی خودا بکات یان نا. پاش ئەوەی خودا لە درووستکردنی یەکەم مرۆڤ تەواو بوو، شتی تری هەبوو کە بیکات پێش ئەوەی پشوو بدات لە کاری بەدی هێنان. ئەوەش ئەوەیە کە دەمانەوێ ئەمڕۆ فێری بین . با بەردەوام بین لە تەورات، لە بەشی دووەمی سیپارەی پەیدابوون. لە ئایەتی حەفتەمەوە دەس پێ دەکەین. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا خوداوەند خودا پیاوی لە خۆڵی زەوی پێک هێنا و شنەی ژیانی بە کونە لووتیدا کرد. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو. [٨] ئینجا خوداوەند خودا باخچەیەکی لە (عەدەن)، لە ڕۆژهەڵاتدا چاند. لەوێشدا پیاوەکەی دانا کە پێکی هێنابوو. (پەیدابوون ٢:٧، ٨)

نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت چۆن خودا باخچەیێکی جوانی ئامادەکرد بوو بۆ ئەو مرۆڤەی کە درووستی کردبوو. باخچەکە بە عەدەن ناو دەبرا. هەندێ کەس پێیان وایە کەئەم باخچەیەی کە خودا یەکەم مرۆڤی لێ دا نا لە ئاسمان بوو، بەڵام نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لێرە لەسەر زەوی بوو، لە ڕۆژهەڵات، لە عەدەن، ڕەنگە لە وڵاتی عێراقی ئێستا بێت. چونکە پەرتوکەکانی پێغەمبەران هەرگیز باخچەی عەدەن کە لەسەر زەوی بوو، تێکەڵ ناکەن لەگەڵ بەهەشتی ئاسمان، ئەوەی لە حزوری خودایە.

لە ئایەتی پاشتر، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: خوداوەند خودا هەموو ئەو جۆرە درەختانەی کە لەبەرچاو جوان بوون و بۆ خواردن خۆش بوون لە زەویدا گەشە پێکرد. درەختی ژیانیش لە ناوەڕاستی باخچەکەدا بوو، هەروەها درەختی زانینی چاکە و خراپە. ڕووبارێک لە عەدەنەوە هەڵدە قووڵا و لەبەری دەڕۆیشت بۆ ئاودانی باخچەکە، لەوێوە جیا بوەوە و بوو بە چوار لقەوە. خوداوەند خودا پیاوەکەی هێنا و لە باخچەی عەدەن دانا، بۆ کشتیاری و بایەخ پێدانی. (پەیدابوون ٢: ٩، ١٠، ١٥)

بەم شێوەیە دەبینین خودا شوێنێکی خۆشی درووست کرد بۆ یەکەم مرۆڤ، ئادەم، بۆ ئەوەی بتوانێ لە خێر و خۆشیێکی ڕاستەقینە بژییێت. خودا ئادەمی لە باخچەیێکی دلگیر دانا پڕ لە دار کە مێوەی جوانی بەرهەم دەهێنا بۆ تەماشا کردن و زۆر بەتام بۆ خورادن. لەم شوێنە ئەفسوناویە، هەموو شتێك سەرسوڕهێنەر و تەواو بوو. هەستەکانی ئادەم زیندوو بوون، هەروەها چاوەکانی جوانی شوێنەکەیان دەبینی، گوێیەکانی گوێیان لە ئاوازی خوێندنی باڵندەکان بوو لەسەر دار دەیانخوێند. هەستەکانیشی بۆنی خۆشی گوڵ و گوڵزارەکانی ناو باخچەکە هەڵدەمژی. خودا بۆ خۆشی ئادەم هەموو شتێکی پێ بەخشی بوو. هەروەها خوێندمانەوە کە خودا بە چاکەی خۆی ئەرکێکی بە ئادەم سپارد کە بەدڵی بوو: ئەویش ئەوە بوو کە ئاگای لە باخچەکە بێت و ئیشی لێ بکات، بۆ ئەوەی سەرقاڵی ئیشێکی دڵخوش کار بێت.

سەرسوڕهێنترین شت کە لە عەدەن ڕوویدا ئەوە بوو کە خودا خۆی لە فێنکی ئێوارەدا دەهاتە باخچەکە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا بکات کە لەسەر شێوەی خۆی درووستی کردبوو. (تەماشای پەیدابوون ٣: ٨ بکە) باشە بۆچی خودا سەردانی ئادەمی دەکرد؟ لەبەر ئەوەی، هەر وەك پێشتر زانیمان، خودا مرۆڤی درووست کرد بۆ هاوڕێیەتی خۆی. نیازی خودا وابوو کە لەگەڵ مرۆڤدا هاوڕێیەتی

بکات، پێکەوە قسە بکەن، پێکەوە شادومان بن، و تاهەتا پێکەوە بە یەك بیر و دڵ بژیێن. بەڵێ، خودا دەیویست لەگەڵ مرۆڤدا پەیوەندییێکی قوڵ و سەرسوڕهێنەر ببەستێ تاهەتا.

شتێکی تر هەیە پێویستمان بەزانینی هەیە دەربارەی ئەو باخچەی خودا یەکەم مرۆڤی لێ دانا. لە ناوەندی ئەو باخچەدا، خودا دوو داری زۆر گرنگی چاندبوو. یەکێکیان ناوی داری ژیان بوو، و ئەوەی تریش ناوی داری زانین چاکە و خراپە بوو. خودا ***داری ژیانی*** لە ناوەندی باخچەکە چاندبوو بۆ ئەوەی بە بیری ئادەم بێنێتەوە کە نیازی هەیە لەگەڵ مرۆڤدا ژیانی تاهەتایی بەشداری پێ بکات. دەربارەی ***داری زانینی چاکە و خراپە***، خودا ئەو دارەی لە ناوەندی باخچەکە چاندبوو بۆ ئەوەی ئادەمی پێ تاقی بکاتەوە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خوداوەند خودا فەرمانی بە پیاوەکە دا و فەرمووی: (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧)

بۆچی خودا خواردنی ئادەمی لە داری زانینی چاکە و خراپە حەرام کرد؟ ئایا خودا ڕژدە؟ نەخێر، ڕژد نییە! لەڕاستیدا، یەك لەناوە پارساکانی خودا **بەخشندە**یە (یاقوب ١: ٥)، خودا بە ئادەمی فەرموو، (بۆت هەیە لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت... تەنها یەکیان نەبێت.) ئایا ئەوە ڕاسپاردەییێکی قورس بوو؟ نەخێر. خودا بە نیعمەتی خۆی هەموو شتێکی بە ئادەم بەخشی کە پێویستی پێی هەبوو بۆ ئەوەی دڵ خۆش بێت. هیچ شتێکی باشی لێ قەدەغە نەکردبوو. بەڵام خودا، لەپلانە تەواوەکەی خۆیدا تاقیکردنەوەیەکی ئاسانی بۆ ئادەم دانابوو، بۆ ئەوەی ئادەم دەرفەتی هەبێ پشانی خودا بدات کە بای ئەوەندە خۆشی دەوێت کە گوێ ڕایەڵی ڕاسپاردەکەی بێت. وەك پەروەردگار خودا دەفەرموێ لە ووشەکەیدا: (ئەوەی منی خۆشبووێت وشەکەم دەپارێزێت.... ئەوەی منیشی خۆشناوێت وشەکانم ناپارێزێت.) (یۆحەنا ١٤: ٢٣، ٢٤)

خودا ویستی خۆشەویستی و وەفاداری ئادەم تاقی بکاتەوە. هەر بۆیە ئەم ڕاسپاردە ساکارەی پێ دا. خودا مرۆڤێکی ڕۆبۆتی درووست نەکردبوو. خودا مرۆڤێکی خاوەن بیر و دڵ و ئیرادەییێکی ئازاد درووست کردبوو بۆ ئەوەی بۆ خۆی بڕیار بدات خودای خۆشی بوێ و بەگوێی بکات.

باشە خودا چی بە ئادەم فەرموو ڕوودەدات ئەگەر بێت و لەو دارە قەدەغە کراوە بخوات؟ با دووبارە نووسراوە پیرۆزەکان بخوێنینەوە. خودا فەرمووی، (بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت) بۆیە، خودا بە ئادەمی ڕاگەیاندبوو کە شکاندنی ڕاسپاردەکەی مردن بەرهەم دێنێ. خودا ئەو مرۆڤەی خۆش دەویست کە درووستی کردبوو، بۆیە بەچەن ووشەییێکی بێ هەڵە ئادەمی ئاگادار کردبووەوە، فەرمووی: ئادەم، ئەگەر بەگوێم نەکەی، ئەوا دەمری لەبەر ئەوەی یاسا پارساکەی من مردن دەخوازێ بۆ، (ئەو گیانەی گوناه دەکات، ئەو دەمرێت) (حزقیال ١٨: ٢٠)

ڕەنگە خەڵکانێك بپرسن: گوناە چییە؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: گوناە سەرپێچییە. (١ یۆحەنا ٣: ٤) هەموو ناڕەواییێک گوناهە. (١ یۆحەنا ٥: ١٧) بۆیە ئەوەی بزانێت چاکە بکات و نەیکات، گوناە دەکات. (یاقوب ٤: ١٧) گوناە ئەوەیە کە ملی ڕێگای خۆمان گرت. (ئیشایا ٥٣: ٦) گوناە هەموو ئەو شتانەیە کە لەگەڵ خودادا ناگونجێ. باشە، ئەوانەی گوناە دەکەن بەرامبەر بە خودا چییان بەسەر دێت؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەو گیانەی گوناه دەکات، ئەو دەمرێت. (حزقیال ١٨: ٢٠) لە ئایەتەکی تردا دەفەرموێ: کرێی گوناە مردنە. (ڕۆما ٦: ٢٣) باشە مردن چییە؟ هەندێك پێیان وایە مردن ئەوەیە چی دی لە بوون نەمینێی، هەموو شتێك تەواو بوو و تۆ هیچی تر نازانی. بەڵام ئەگەر پشت بە نووسینەکانی پێغەمبەران ببەستین، دەزانین کە مردن مانای ئەوە نییە. لە نووسراوە پیرۆزەکان، کە بەزمانی عیبری نووسراوە، مردن مانای جیابوونەوەیە. مردن جیابوونەوەیە لە ژیان.

کاتێ خودا بەئادەمی فەرموو: (بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) مەبەستی خودا ئەوە بوو کە ئادەم، ئەگەر بێت و لەو دارە بخۆی کە لێتم قەدەغەکردووە، لە هەمان ڕۆژ دەمری، واتا: لە من جیا دەبییەوە. ئەگەر بەگوێم نەکەی ئەوا چی دی پەیوەندییێکی نزیکت نابێ لەگەڵمدا. من پارسام و خۆم لەو کەسانەی ڕێگای من

ڕەت دەکەنەوە جیادەکەمەوە. لوسیفێر و فریشتەکانیم دەرکرد کاتێ گوناهیان ئەنجام دا. تۆش دەردەکەم ئەگەر بێت و گوناە ئەنجام بدەی. هەروەها، ئەگەر بێت و لە مێوەی ئەو دارەی کە لێت قەدەغە کراوە بخۆی ئەوا جەستەت دەس بە پیربوون دەکات و لە کۆتاییشدا دەمرێت، بەمانای: گیانت جەستەت بەجێ دێڵێ. هەر ئەوەندەش نییە. ئەگەر بەگوێم نەکەی، نەك تەنها جەستەت دەمرێ بەڵکو گیانیشت دەڕواتە ئەو جێگایەی بۆ شەیتان و فریشتەکانی دروستکراوە. لەوێشدا لە من جیا دەبییەوە تاهەتا!

بۆیە، دەبینین کە گوناە سێ جیابوونەوەی سامناك بەرهەم دێنێ. یەکەم، گیانت جیا دەبێتەوە لە خودا لێرە لەسەر زەوی. واتا چی دی پەیوەندیت لەگەڵ خودای پارسا نامینێت لەبەر ئەو گوناهەی ناو دڵت. دووەم، گیانت لە جەستەت جیا دەبێتەوە لە ڕۆژی مردنت. واتا، جەستەت دەمرێ و گیانت دەچێتە بەردەم خودا بۆ دادگایی. سێیەم، جەستە و گیانت لە خودا جیا دەبنەوە تاهەتا لە ئاگری دۆزەخ.

لەسەر بنەمای ووشەی خودا، مردن چییە؟ بەکورتی، مردن جیابوونەوەیە لە خودای ژیان. گوناە مرۆڤ جیا دەکاتەوە لە خودا، سەرچاوەی ژیانی ڕاستەقینە. خودا پارسایە و ناتوانێ لەگەڵ گوناە بژیێت. ئەو گیانەی گوناە ئەنجام دەدات وەك لقە دارێکە بپڕدرێتەوە ولە دارەکە دوور بخرێتەوە. ئەو لقە دارە چی بەسەر دێت کە دەبڕدرێتەوە و چی دی بەشێك نییە لە دارەکە؟ ئایا دەژیت؟ نەخێر، دەمرێ! هەرچەندە گەڵاکانی یەکسەر ووشك نابنەوە بەڵام دەس بە مردن دەکەن. هەر بەو شێوەیە، ئەگەر تۆ ڕێگای لێ خۆش بوون لە گوناە کە خودا دابینی کردووە وەرنەگرتبێ، ڕەنگە پێت وابێت کە دەژی، بەڵام نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران دەڵێت تۆ لە بەردەم خودا: ئێوەش بەهۆی خراپە و گوناهەکانتان مردوو بوون ... تاوانەکانتان بوون بە ناوبەند لە نێوان ئێوە و خوداتان و گوناهەکانت وای کرد ڕووی خۆی لێتان بشارێتەوە و گوێتان لێ نەگرێت. وا تۆش، وەک لق فڕێ دەدرێتە دەرەوە، وشک دەبێت و کۆدەکرێتەوە، فڕێ دەدرێتە ناو ئاگر و دەسووتێت. (ئەفەسۆس ٢: ١) (ئیشایا ٥٩: ٢) (یۆحەنا ١٥: ٦)

ئەو لقەی کە بە دارەوە نەماوە ناتوانی چی دی مێوە بەرهەم بێنێ. گوناهباریش هەر بەو شێوەیەیە لە بەردەم خودا. چی دی ناتوانێ مێوە کە خودا دڵ خۆش بکات بەرهەم بێنێ، لەبەر ئەوەی هیچ پەیوەندی لەگەڵ خودا نەماوە، کە (داری ڕاستەقینەیە) سەرچاوەی ژیانی ڕاستەقینە. گوناهباران تەنها دەتوانن چاوەڕێی دادوەرییە ڕاستودروستەکەی خودا بن. هەرچەندە لە نووسینەکانی پێغەمبەران، خودا ڕایگەیاندووە چۆن دەتوانین ببین بە ڕاست و درووست بەرامبەری و بە دڵنیاییەوە بزانین کە گوناهەکانمان سڕاونەتەوە. ئەوە دەبێتە باسی زنجیرەکانی داهاتوومان.

پێش ئەوەی کۆتایی پێ بێنین، با ئەوەی ماوە لەم بەشە بخوێنینەوە. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت خودا چۆن یەکەم ئافرەتی درووست کرد: خوداوەند خودا فەرمووی: (باش نییە بۆ پیاو بە تەنیا بێت. یاریدەرێکی هاوشانی بۆ دروست دەکەم.) لە ئەنجامدا خوداوەند خودا پیاوەکەی خستە خەوێکی قووڵەوە. کاتێک خەوتبوو، یەکێک لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت بۆ پڕ کردەوە. ئینجا خوداوەند خودا ئافرەتێکی لەو پەراسووە بنیات نا کە لە پیاوی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا. پیاوەکە وتی: (ئێستا ئەمە ئێسکێکە لە ئێسقانەکانم و گۆشتە لە گۆشتم. ئەمە ناو دەبرێت بە (ئافرەت) چونکە لە پیاوەوە وەرگیراوە.) بۆیە پیاو دایک و باوکی خۆی بەجێ دەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر دەبنە یەک جەستە. پیاوەکە و ژنەکەی هەردووکیان ڕووت بوون، شەرمیشیان نەدەکرد. (پەیدابوون ٢: ١٨، ٢١–٢٥)


بەم شێوەیە، دەبینین کە ژن و مێردایەتی لەلایەن خوداوە دانراوە. خودا یەك پیاو و یەك ژنی درووست کرد بۆ ئەوەی یەکترییان خۆش بوێ و هاوبەش بن لە ژیانیان، و خێزانێکی بەختەوەریان هەبێ کە شکۆمەندی خودا بکات. خودا، کە ئادەمی خۆش دەویست و دەیویست بەتەواوی شاد بێت، دیارییەکی زۆر سەرسوڕهێنەری پێ بەخشی: ئەوەش ژنێك بوو! خودا ویستی ئادەم ژنەکەی خۆش بوێت وەك ئەوەی خۆی خۆش دەوێت، و بەخێوی بکات و ئاگاداری بێت. لەوەش گرنگتر، خودا ویستی پیاو و ژن پەیوەندیێکی قوڵیان هەبێ لەگەڵی، بیناسن و خۆشیان بوێ و بەگوێ بکەن تاهەتا. (تەماشای ئەفەسۆس ٥: ٢١–٣٣، ٦: ١–٤ بکە )

بەم شێوەیە خودا کاری دروستکردنی تەواو کرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خودا بینی ئەوەتا هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو زۆر باش بوو. جا ئێوارە بوو، بوو بە بەیانی، ئەمە ڕۆژی شەشەم بوو. بەم شێوەیە ئاسمان و زەوی و هەرچی تێیاندا ڕێکخرابوو تەواو کران. ئیتر خودا لە سەرەتایی ڕۆژی حەوتەمدا لەو کارەی کە کردبووی تەواو ببوو، ئینجا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو کارەکانیدا پشووی دا. خودا ڕۆژی حەوتەمی بەرەکەتدار و پیرۆز کرد، چونکە تێیدا لە هەموو کارەکانی پشووی دا، هەموو ئەوەی خودا بەدی هێنا و دروستی کرد. (پەیدابوون ١: ٣١– ٢: ٣)

باشە، بۆچی خودا پشوویدا لە ڕۆژی حەفتەم؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە ماندوو بووە؟ نەخێر، خودا هەرگیز ماندوو نابێت! نووسراوە پیرۆزەکان دەڵێت خودا پشووی دا لەبەر ئەوەی (لە کارەکە تەواو بوو!) هەموو شتێك تەواو بوو. لەبەر ئەوە خودا پشووی دا ولە کارەکە ڕاوەستا لە ڕۆژی حەفتەم. هەر لەبەر ئەوشە حەفت ڕۆژ هەیە لە هەفتەیەکدا.

لە وانەی داهاتوودا فێر دەبین چۆن گوناه هاتە جیهانەوە.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتاندا ببارێنێ کاتێ دەڕواننە ئەم ئایەتەوە لە ووشەی خودا کە دەفەرموێ: کرێی گوناه مردنە، بەڵام دیاری خودا ژیانی تاهەتاییە....! (ڕۆما ٦: ٢٣)



# گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا سەردانی ئادەمی دەکرد؟
٢. بۆچی خودا خواردنی ئادەمی لە داری زانینی چاکە و خراپە حەرام کرد؟
٣. ئایا ئەوە ڕاسپاردەیێکی قورس بوو؟
٤. خودا چی بە ئادەم فەرموو ڕوودەدات ئەگەر بێتوو لەو دارە قەدەغە کراوە بخوات؟
٥. گوناه چییە؟
٦. باشە ئەوانەی گوناه دەکەن بەرامبەر بە خودا چییان بەسەر دێت؟
٧. لەسەر بنەمای ووشەی خودا، مردن چییە؟
٨. ئەو لقە دارە چی بەسەر دێت کە دەبڕدرێتەوە و چی دی بەشێك نییە لە دارەکە؟ ئایا دەژیت؟
٩. بۆچی خودا پشوویدا لە ڕۆژی حەفتەم؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە ماندوو بووە؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەلەی ڕێگای راستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org